# جانتای سەفەر بمبە لەگەڵ خۆت!





ئەوەی کە گەشت و سەفەر دەکات دەبێ ناچار جانتاکەی بە کۆڵ دادات گەر قەوارەشی گەورە بوو لە دوای خۆی رایکێشێ و هەڵیبگرێ.. پێتان سەیر نەبێت ئێستا دنیاکە گۆڕاوەو ئەگەر گوتیان جانتاکە خاوەنەکەی هەڵدەگرێت تووشی سەرسوڕمان نەبن، بەڵێ هەواڵەکە راستە و جانتا خاوەنەکەی هەڵدەگرێت.

جانتای سەفەر جۆری modobag بە یەك تیر دوو نیشانە دەشکێنێ و دوو گرفت لەکۆڵ دەکاتەوە، هەم خاوەنەکەی هەڵدەگرێ و هەم باری خاوەنەکەی. مۆدۆبەگ مۆتۆرێکی لەسەرە کە بەکارەبا شەحن دەبێتەوە و دەتوانێ ٨ کیلۆمەتر هەتا ١٢ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بڕوات و خاوەنەکەشی هەڵبگرێت و مۆبایلەکەشی بۆ شەحن بکاتەوە.







# پێنووسێكی سێ ڕەهەندی تایبەت

پێنووسی سێ ڕەهەندی واتە 3D زۆر لە مێژ نییە لە بازاڕی ئامێرە دیجیتالییەكاندا بوونیان هەیە، پێنووسێك كە دەتوانرێت لەبری نووسین ئەوەی مەبەستە بەرجەستەی بكات و بكرێت دەستی لێبدرێ.. گرفتی سەرەكی ئەو پێنووسانە گرانی ئەو مادەیەیە كە وەك حیبر لە قەڵەمەكە دەخرێت و ئەوەی بەكارهێنەر مەبەستیەتی پێی دروست دەكرێت، چونكە مادەكە پلاستیكێكی گرانبابیە. پێنووسی سێ ڕەهەندی جۆری Renegade ئەو گرفتەشی لەكۆڵ كردۆتەوە و دەكرێت هەر لەو دەبە ئاو و بیبسیانەی ڕۆژانە فڕێی دەدەرێن سوود وەربگری. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ دەبە پلاستیكیەكە لەسەر پارچەیەكی ئەو پێنووسە كە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە دابنێی كە دەكاتە پارچەی تەنك و باریك. پاشان ئەو پارچانە دەخرێنە ناو پێنووسەكە بەم جۆرەی دەكرێت هەرچی مەبەستتە پێی دروست بكەی.



# ئەڵقەیەك بۆ خۆ لاواز كردن

بەراستی قەڵەوی و كێش زۆری بۆتە كێشەیەك لەم سەردەمەدا و ئەم كێشەیە زۆربەی جیهانی گرتۆتەوە، بەهۆی گۆڕینی ژیانی مرۆڤ بەرەو ژیانی ماشێنی، تەمبەڵی بێ ڕادە، قەڵەوی بەدوای خۆیدا هێناوە.. ئێستا زۆر ڕێگا و زۆر شێواز هەن بۆ خۆ لاواز كردنەوە و زۆر ئامێریش بۆ كەمكردنەوەی كێش یان یارمەتیدان بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون، بۆ نموونە ئەنگوستیلە یا ئەڵقەی bioRing. ئەنگوستیلەكە وەك زۆر ئامێری دیكەی هاوشێوەی خۆی، ڕێژەی ئەو وزەیەی بەكارت هێناوە، ئەو چالاكییە جەستەیانەی ڕۆژانە ئەنجامی دەدەی دەپێوێ.

هەروەك دەزانن بۆ ئەوەی كە كێشت دابەزینی دەبێ ئاگاداری ڕێژەی كالۆری وەرگرتن و ڕێژەی كالۆری سووتاندن بزانی (كالۆری= وزەیەك كە جەستە ڕۆژانە پێویستیەتی) ئەم ئەڵقەیە زانیاری پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەداتە بەكارهێنەرەكەی.

سەرەڕای ئەوەش، چۆنییەتی نووستن، لێدانی دڵ، ڕێژەی دڵەراوكێ و سترێس و ڕێژەی ئاوی جەستە نیشان دەدات. ڕاهێنانە وەرزشییەكان و ئەو مەودایانەی كە ڕۆیشتووی دەزانێت و لەڕێگای پرۆگرامێكەوە بۆ مۆبایلی بەكارهێنەرەكەی بەڕێ دەكات.












# هۆشمەند لە بەرگی کلاسیکدا

کاتژمێرە سمارتەکان شوێنێکی گرنگیان گرتووە لە تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێدا، هەر ڕۆژە کاتژمێرێکی هۆشمەندی نوێ دەکەوێتە بازاڕەوە، سروشتییە کۆمپانیا چینەکانیش وەك هەمیشە خۆیان تاقی بکەنەوە، کۆمپانیا مێزۆی چینی نوێترین کاتژمێری سمارتی بەناوی خۆی بەرهەم هێناوە، کە کاتژمێرێکی هۆشمەندە بە ستایلی کلاسیك، بەڵام لەگەڵ کاتژمێرە کلاسیکەکان زۆر جیاوازە.

لەو کاتژمێرەدا شاشەیەك یان سیستەمێکی ئەندرۆید و سیستەمی ڤێر نییە، بە جارێك شەحن کردنەوە هەتا ساڵێك کێشەی شەحنی نامێنێ. کاتژمێرەکە لە ستیل دروستکراوە و بە کریستالیش ڕووپۆش کراوە ئەدی هۆشمەندەکەی لە کوێدایە کە جیاوازی نەبێت لەگەڵ کاتژمێری کلاسیکی دیکە؟ توانا هۆشمەندەکانی ئەوانەن، سیستەمی بلوتوسی چواری لەسەرە، هەستەوەری خێرایی بۆ پێوانی هەنگاوەکان، هەستەوەری موگناتیسی هەیە و لێدانی دڵ دەزانێت مۆبایلە هۆشمەندەکان دەبەسترێت.

# پرۆگرامێک بۆ چارەسەری کێشەی سڕینەوەی فایلەکان






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**خوێنەرێك دەپرسێت من هێڵێکی ئینتەرنێتم هەیە کە بە شێوەی گێگابایتە، بەڵام بێ ئەوەی کە سوودێکی ئەوتۆی لێوەربگرم ئینتەرنێتەکە تەواو دەبێت نە داونلۆد دەکەم نە شتێکی واشی پێ دەکەمەوە هۆکارەکەی چییە؟**

خوێنەری بەڕێز دەکرێت چەندین هۆکار هەبن بۆ ئەوەی کە ئینتەرنێتەکەت لە خۆڕا تەواو بێ، وەك: ئەپدیت بوونەوەی ئۆتۆماتیکی سیستەم، نوێبوونەوەی پرۆگرامەکان، پەیوەندی کردن بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ وەك سوود وەرگرتن لە ڤایبەر و سکایپی... دزرانی پاسۆردی وای- فاکەت لەلایەن کەسانی دیکەوە.. ئەکتیڤ بوونی ئۆتۆماتیکی دابەزینی وێنە و گۆرانی لەلایەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تیلیگرام و ڤایبەرەوە.

# کامێرای گۆپرۆ و چەند تایبەتمەندییەکی دیکە

کامێرای گۆپرۆ هێرۆ کە یەکێکە لە ناسراوترین کامێرای ئەکشەن واتە ئەو کامێرایانەی کە لەکاتی جوڵەدا وێنەی بە کوالیتی بەرز دەگرن بەبێ ئەوەی تێك بچێت.. ڤێرژنی ٥ی کامێرای ناوبراو بەرهەمهاتوو، بەڵام نەکەوتۆتە بازاڕ.

تایبەتمەندی کامێراکە ئەوانەن، دەتوانێت بە کوالیتی k٤ فیلم هەڵبگرێتەوە. جگە لەوەش دەتوانێت فیلمی سێ ڕەهەندیش بگرێت. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە شاشەکەی تەواو لەمسیە، کامێرای ناوبراو بە گۆڕانکارییەکی جدی لە بواری کامێرای ئەکشەن دێتە ژمار، چونکە دوای ئەوە ئیدی ڕکابەری کەوتە نێوان کۆمپانیاکان بۆ بەرهەمهێنانی کامێرای لەم جۆرە.



# چاودێرکردنی وای-فای

ڕاوتەرەکەکان کە بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێتی وای-فای سوودیان لێوەردەگیردرێت ڕۆڵی گرنگیان هەیە، بەڵام ئێستا هەندێك ئەپلکەیشن دەتوانن بە ئاسانی پەسۆرد و کۆدی نهێنی وای-فای بدۆزنەوە، هەربۆیە زۆر جار گلەیی ئەوە هەیە کە دەڵێن تازە کارتمان خستۆتە سەری کە ئینتەرنێتەکە تەواو بوو، بێ ئاگا لەوەی کە کەسانی دیکە لە ڕێگای وای-فایەوە سوود لە ئینتەرنێتەکەی وەردەگرن.. بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە ئامێرێك دروستکراوە کە بە (keewifi) ناسراوە. ئەو ئامێرە سەرەڕای ئەوەی کە مەودای وای-فای بەربەرین دەکات ئیزنیش نادات کەسانی دیکە سوود لە ئینتەرنێتەکە وەربگرن، کارکردنی ئامێرەکە بەمجۆرەیە، پێویست بەوە ناکات بەکارهێنەر پەسۆردی وای-فای لێبدات ئەوەندە بەسە کە مۆبایلەکەی خۆی لەو ئامێرە نزیك بکاتەوە و ئیدی ئینتەرنێت دەکرێتەوە. بەڕێوەبەری تۆڕیش لە ڕێگای ئەپلکەیشنەوە کە لەسەر مۆبایل یان کۆمپیوتەر دادەندرێ دەزانێ چەند کەس سوود لە تۆڕەکە وەردەگرن و دەتوانێت بدات کێ سوودی لێوەربگرێ و بەپێچەوانەشەوە ڕێگا بە کێ نەدات..




گەلێك جاران نیازت هەیە پرۆگرامێك بسڕیەوە یان فایلێك بۆ شوێنێکی دیکە بگوازیەوە یان ناوەکەی بگۆڕی، بەڵام هەرکە هەوڵ دەدەی تووشی چەند پەیام دەبێ وەك ئەوەی کە ناتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەی یان ئەم کارە گرفتی تێکەوتووە. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ڕێگا چارە ئەوەیە کە پرۆگرامی Unlocker دابەزێنیتە سەر کۆمپیوتەرەکەت..

ئەم پرۆگرامە لە کێشەی ڕێستارتکردنەوەش ڕزگارت دەکا و ئەو پرۆگرامە فەرمانێك لە بەشی کلیك ڕاستی ویندۆز زیاد دەکا و ئەو پرۆگرامەی کە کێشەی دروست کردووە لە یادگەی سیستەم ئازاد دەکا و ئیدی پێویست ناکا جارێکی دیکە کۆمپیوتەر ڕێستارت بکەیەوە.



# سایتی شوێنگرەوەی فۆتۆشۆپ

سایت گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ئەوەیە بەبێ پرۆگرام و تەنیا بە شێوەی ئۆنلاین دەستکاری وێنە بکەن.. یەکێك لەو سایتە سەرکەوتووانە، سایتی https://pixlr.com/ە. ئەم سایتە زۆر وەك فۆتۆشۆپ دەچێت چ لەلایەنی تۆلبارەکانی و چ لەلایەنی لایەرەکانیەوە.

سایتەکە لە ٢٥ زمانی زیندوو جیهان پشتیوانی دەکات، چەندین جۆری فیلتەری هەیە بۆ دەستکاری کردنی وێنە هەر ئەوەندە بەسە کە وێنەکە دابنی و حەوت بەشی جیای هەیە بۆ دەستکاری کردنی وێنە.